**** جارێکی تر ڕه خنه له سه ر ناسیۆناڵیزمی مه ده نی**
**حه مید ڕه زا جه لایی پوور****

نووسه ر : سه لاحه دین خه دیوو

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

حه مید ڕه زا جه لایی پوور کاتێ ئه که وێته باس له سه ر
قه ومیه ته کانی ئێرانی و کێشه کانیان، زوبانێکی شیرین و
چه ور ده کار دێنێ که دیاره ئه چێته خانه ی زوانی
دیپلۆماتیکی ناسیۆناڵیزمی ده وڵه تییه وه؛ ئه م زوانه
که ڕه چاوی قازانج و به رژه وه ندی ده وڵه تانی سه رده ست و
مه زن ده کات، زوانێکه سه ر به دیرۆکی نه ته وه یی و
جیهانی و ده بێ به چه شنه پیاهه ڵگوتنێ به باڵای دوا
سه رکه وتووانی دونیای بشوبهێنین، چونکه له و دیوو
ئه و زوانه ساده و ساکاره وه ، زوبانێ که ڕوواڵه تێکی
ماقوڵ به له خۆ نامۆبوون ده به خشێ، ئایدیۆلۆژێیک خۆی
ماتین داوه که ئامانجی سه ره کی ، به رزکردنه وه ی
ده وڵه تانی میللی له به رامبه ر هه ر گرووپ یان بزاڤێکی
نه یاردایه .
به لای نووسه ره وه هه موو گرووپ و ئالی و بزوتنه وه کانی
نه یاری ده وڵه تی میللی، هه ر له ناسیۆناڵیسته کانی
قه ومییه وه بگره هه تا شوێنهاته کانی چاندی و جڤاکی،
ئه چێته خانه ی پرۆسه ی گلۆڤه راێتییه وه که دیاره
جه لایی پوور به هیچ له ونێ نایه وێ له گه ڵ ڕوونبوونه ی
ڕه وتی دووه می دا بساچێنێ . چونکه جیهانگیری له لاێیکه وه

له ته ک شوناسه کانی فره قه ومی و جیهانی، نوقمی نێو درۆ و
ئاوه ژووکاری مێژوویی و به ده ستکه وتی دیارده ی
ناسیۆنالیزم (به لای رووناکبیرانی  ده سته ڕاستی
فۆنکسیۆنالیسته وه) به ره و ڕووی ئه بێ و تووشی به تووشی
گێچه ڵ و  گه لێ کۆسپ و گرفته وه ده کات که دیاره
توانای خۆڕاگری قه ومیه ته کان(له به ر ره سه نایتی
ناسنامه و شوناسیان)  له چاو چه مک و پێگه ی داتاشراو و
ده ستکردی  میللیه ت و شوناسی سیاسی فره تره .
دیاره ئه مه یان دڵخوازی ئالی ده وڵه تی میللی نییه
که نووسه ر پرۆپاگه نده ی بۆ  ده کات.
دیالۆگی قه ومناسی سیاسی لای جه لایی پوور،
سه رچاوه که ی زانست و ده سته لاتێکه زیتر نیشانه ی
ده سه لاتی ده وڵه تی به سه ر  قه ومیه ته کان دایه ، نه ک
دیالۆگی ڕاسته قینه ی نێوان قه ومیه ته کان.
 به تایبه ت جه لایی پوور بۆ خۆ هه ر دووکیانی تاقی
کردۆته وه، ئێسته ش هه ر دووی هه مان ڕۆڵ ده که وێ.
چ ئه و ده مانه ی که فه رمانداری مه هاباد بووه و چ سالانی
دواتر که وه ک توێژه ر ڕووی کردۆته لێکۆلینه وه له سه ر
قه ومیه ته کان و دووی ره هه ندێکی دی هاوکێشه که ی
زانست و ده سته لاتی " فۆکۆیی" که وتووه .
ئه و دیالۆگه ی ڕووناکبیرانی ناوه ند نشین له به رامبه ر
قه ومیه ته کانا، ئه کاته ئه ڵته رناتیڤێکی کاراتر که وێڕای
ده کارگرتنی مێتۆد و شێوه کانی زانستی، قه ومیه ته کان
بۆ ئاستی ئۆبژه و ئه وپه ره که ی چه ن  بابه ت و چه مکێ
ملکه چ و لینی و فه رمان لێبه ر،  داده به زێنێ.
ئه و دیالۆگه شوناسێکی به رته سک و په رژین ئاسای هه یه

که دووی چه ن چه مک و بابه تێکی تایبه ت ده که وێ و
به لای بابه ت و کێشه کانی دی دا ناچێ.
بۆ نموونه جه لایی پوور ناسیۆنالیزمی ده وڵه تی به
ناسیۆنالیزمی مه ده نی داده نێ و ناسیۆنالیزمی قه ومی
به ڕووخێنه ر و دژ به دیمۆکراسی لیک ده داته وه یان له کاتێ
باس له سه ر پلۆرالیزم و فیدرالیزم، وا هه موو شتێک
ئه خاته نێو خانه یێک و تێکه ڵیان ده کات که گرینگ ترین
گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ده ره وه ی وڵات له
دوا کۆنگره ی خۆدا، له کاتی گۆڕینی دروشم و ستراتژی خۆ
له ئۆتۆنۆمی و خودموختاری خوازییه وه بۆ فیدرالیزم ، ڕه نگه
له ژێر کارتێکه ری چه واشه کارییه کانی فه رمانداری
پێشووی مه هاباد دا، لاگری له پێک هاتنی سیسته مێکی
کۆماری پلۆرالیستیک فیدرالیستی بکات .
واته فیدرالیزم و پلۆرالیزم پێکه وه . چونکه جه لایی پوور
له م ساڵانه دا به تێکه ڵکردن و شێواندنی ئه و دوو چه مکه،
زۆر جاران ڕایگه یاندووه که دووه مییه که یانی لا په سه نه .
له وتاره کانی ئه م دواییانه یدا به ڕوونی ده ستی داوه ته
ئه و چه شنه چه واشه کارییه.
ناسیۆنالیزمی مه ده نی که لێی وه ک تین و گوڕ به خش
به دیمۆکراسی نێوی لێ دینێ، به لایه وه هه مان ناسیۆنالیزمی
ده وڵه تییه که له ژێر ده مامکێک دا ، خۆی شاردۆته وه و
گه ر کاژ فڕێ دا، ئه ودیووی ناسیۆنالیستی بوونی زێتر
ده رده که وێ که به ڕوونی له ماوه ی ئه م سه ده دواییه دا
یه ک له کۆسپه کانی سه ر ڕێی هاتنه دی دیمۆکراسی له
کۆمه ڵگه ی ئێرانا بووه .
" جۆشۆ ئیفشمه ن" یه ک له نوێنه رانی قوتابخانه ی

کۆمه ڵناسی زوبانی نیۆیۆرک، ئه و چه شنه ناسیۆناڵیسته
کۆنه ی که هه وڵی ئه وه یه له و دیوو فاکته ره کانی
قه ومی جۆربه جۆر و له چوارچێوه ی ده وڵه تێکدا ، میلله تێ
چێ بکرێ ، به بیرۆکه یێکی ناسیۆناڵیستی داده نێ.
تاقمێکیش له و نێوانه دا باسی ده وڵه تخوازی دێننه گۆڕێ.
ئه و ناسیۆناڵیزمه ی که جه لایی پوور باسی لێوه ده کات
مه به ستی هه مان ناسیۆناڵیزمی ده وڵه تی و فارسی خوازی
کۆنه . لێره دا جه لایی پوور له سه ر ئه و ره وت و پرۆسه،
زۆر به په له یه هه تا به لایه وه ، مه ترسی ناسیۆناڵیزمی
چاندی و زوانی، پووچه ڵ بکاته وه و پێشی پێ بگرێ .
خاڵێکی دی ئه وه یه که جه لایی پوور ناسیۆناڵیزمی ڕه زاشایی و
ناسێۆناڵیزمی کوردی ساڵانی 1320-1324 هه تاوی
به یه ک چاو سه یر ده کا و هه ر دووکیان به ڕووخێنه ر و
دژ به پرۆسه ی دێمۆکراسی داده نێ .
ناسیۆناڵیزمی کوردی ڕاسه له حه قیقه تدا کاردانه وه یێک بوو
دژ به ده سته ڵاتی ملهوڕانه ی ڕه زا شایی و ده زگاکه ی،
به ڵام دیاره هه ر له بنچینه وه شوناسه که ی ده گه ڵ
تیۆرییه که ی تۆفیری هه بوو.
ناسیۆناڵیزمی ده وڵه تی ڕه زا شا ، ڕاس له ژێر کارتێکه ری
فاشیزمی ده یه ی 30 ئه ورووپادا سه ری هه ڵدا که وه ک
کاردانه وه یێک دژ به قه تیس مانه وه ی پلان و به رنامه کانی
دی سیاسی و ئابووری به تایبه ت وه ستانه مه زنه که ی
ئه و سه رده مه ، بیر وڕای گشتی به ره و لای خۆ کێشا بوو.
ئه وه له حاڵێکدایه به ستێن چێکه ری سه رهه ڵدانی
ناسیۆناڵیزمی کوردی ، ناسیۆناڵیزمی دژه فاشیستی ساڵانی
ده یه ی چل بوو که دووی سه رمه شق و مۆدیله که ی

دیاریکردنی چاره نووسی لینینی و چه پی نێو نه ته وه یی
که وتبوو.
" ئه ی. جی هابز بام" سه رهه ڵدان و گۆڕانکارییه کانی
نێو میلله تان، سه رچاوه گرتوو له ده ره نجامی هاوبه شی
سیاسه ت، تێکنۆلۆژی و گۆڕانکارییه کانی کۆمه ڵایه تی
ده زانێ و له باری مێژووییه وه ئه وان به و فاکته ر و
هۆکارانه ی داده نێ که له بانه وه چێ بوونه، ئه مه هه مان
خاڵه جه لایی پوور لێی هه ڵدێ و مێژینه ی مێژوویی
ده وڵه ت له ئێران ئه گوێزێته وه بۆ چه مکی نوێی
ده وڵه ت، میلله ت. دیاره ئه م جۆره ڕوانگه یانێ
وه پشت گوێ جستنی جیاوازییه کانی زوانی ، ڕه گه زی و
مه زه بی نێو ئێران و یارمه تی دژه کردار و
کاردانه وه کانی نادیمۆکراتیکیش ده دا.
له ڕاستیدا بۆچوونی پاتریمۆنیاڵ و یه ک جۆره له چه مکی
ده وڵه ت و لێکدانه وه و شرۆڤه ی ناسیۆناڵیزمی ده وڵه تی
وه ک ئایدیۆلۆژییکی یه کپارچه ، بۆی وه ک ژارێکی کوشنده
ده بێت. به ڵام به وته ی یه ک له هه ڤاڵانی کورد، دیالۆگی
دژه ناوه ندخوازی قه ومی که فاکته ره کانی مه ده نی و
پلۆرالیستی له ناخدایه ، ده توانێ پڕ یارمه تی دیالۆگی
پرۆسه ی دیمۆکراسی بدات . له و به ستێنه دا ئه زموونی
ده ربازبوون و گوزه ری دیمۆکراتیکییانه ی ئیسپانیا که وه ک
په رجووێیک یادی لێوه ده کرێ ، ده توانێ بۆ چاکسازیخوازان
هه ڵگری زۆر وانه و په ندان بێت.
له ئیسپانیای پاش " فرانکۆ"دا، هاوکات ده گه ڵ چاکسازی
له سیسته می سیاسی پێبه ن به پلۆرالیزم و سیسته می
فره حیزبی و هه ڵبژاردنی ئازاد، داڕشتی جۆگرافیای سیاسی

ولآت، له سيسته مى كۆنى ناوه ند خواز و يه كپارچه وه
به گوێره ى دابه شكارييه كانى ستانى، ده چێ بۆ ولآتێكى
دژ به ناوه ند خوازى به گوێره ى " كۆمه ڵگه ى خودموختار" و
ئۆتۆنۆمى . له و به ستێنه دا" ڕێگه ى ناهه موار به ره و
گوێزرانه وه ى ده سته ڵآت و سه رپشكييه كان، ساڵى
1977 ده س پێكرا. يانێ ئه و ده مه ى ده وڵه تى
خودموختارى كاتالۆنيا دامه زرا و پاشان لێژنه ى گشتى
ده ڤه رى باسك، شه رعيه تى په يا كرد.
نزيكه ى شه ش سالآنى خاياند هه تا حه ڤده ناوچه ى
خودموختارى ئيسپانيا دامه زران ."
چاكسازيخوازان كه دوابه دواى وه لانران و قتكران له نێو
بازنه ى هێزى ياسادانه ر و كه ڵينه كانى په يتا په يتاى
نێوانيان ، ڕوويان كردۆته گۆڕينى ستراتژى و چوونه وه
به ڕابوردووى خۆدا، نابێ ئه و خاڵه وه پشت گوێ بخه ن گه ر
له بوارى فره نه ته وه يى بوونى كۆمه ڵگه ى ئێران بۆ
نه هێشتنى سيسته مى ناوه نديتى قه ومى و ديالۆگى
دێمۆكراسى خوازانه، سێكوچه ێيك پێك دێنن كه له نه بوونى
هه ر كامه ياندا، دياره بارى لارى دێمۆكراسى قه ت به
سه ر مه نزه ڵ ناگات .

Renas caf@yahoo.com